

# پشت بەستن بەUNبۆ جیبەجێکردنی ماددەی 140 وەهمە. جیابونەوەی کوردستان‌و پیکهێنانی دەوڵەتیك تەنها وەلامی گونجاوە لە ئیستادا بە چارەسەری کێشەی کەرکوك.


**سامان کەریم**

zaryak@yahoo.com


**لە ڕۆژی 2007/1/5دا لە هاوینەهەواری دوکان‌و لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا کە هەردوو بەڕیزان تاڵەبانی‌و بارزانی ئامادەیبوون، لە پەیوەند بە ماددەی 140وە ڕایانگەیاند** " سەرۆك وەزیران ئیمزای جێبەجێکردنی کردووە لەناو کۆنگرەی حزبەکەیدا دانی پیا ناوەو 200 ملیۆن دۆلاری بۆ تەرخان کردووەو سەرۆکی لیژنەکەی بۆداناوەو پیاوی باشە ئێمە پێی ڕازین‌و مەجال دراوە بەگەڕانەوەو چونی خەڵك یاسایەك ماوە بۆ چارەسەری کێشەی موڵك ئەویش لەو ماوەدا دەردەچێ‌و ماوەتەوە جێبەجێکردنی ئەویش لەو ماوەدا دەکرێ...."

**هەروەها بارزانی جەختی کردە سەر جێبەجێکردنی ئەم ماددەیەو ووتی**"خەڵکی دڵنیا دەکەینەوە کەمومکین نیە مادەی 140 جێبەجێ نەکرێ"..." بەلام یوئێن هاتە ناو مەسەلەکەو ئیمکان هەیە هەڵبژاردنی 2005 بکرێتە ئەساس لەبری ئەنجامدانی ڕاپرسی‌و ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کەپەرلەمانی کوردستانیش ڕای بوو بەدرێژکردنەوەی ماوەی جێبەجێکردنی مادەکەو ....هاتنی نەتەوەیەکگرتووەکانیش بۆ ناو مەسەلەکە ئەوە شەرعیەتێکی دەولی ئەدات بەمەسەلەکەو میلەتی کوردیش دڵنیا دەکەینەوە کەدەبێت مادەی 140 جێبەجێ بکرێ‌و ئەم ماوەیەش لەگەڵ سەرۆك کۆماردا تەرخان دەکەین بۆ جێبەجێکردنی مادەکە."

دەربارەی زەمانەتی جێبەجیکردنی مادەی 140 لە 6 مانگی ئایندەدا بارزانی وتی " نوێنەری گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان ئەو پێشنیارەی کردووەو زەمانەتیش ئیرادەی کورد خۆی‌و نەتەوەیەکگرتووەکانە."

**لەم کۆنگرەیە ڕۆژنامەوانیەدا دوو پۆینت جێگای ئەوەیە کە سەرنج بدرێت: یەکەمیان/ هاتنە ناوەوەی یۆئێنە بۆ ناو باسەکە، دووەمیان: جەختکردنێکی زۆرە بۆ جێبەجێکرنی ئەم ماددەیە لەماوەی 6 مانگی داهاتودا**":

## یوئێن" نەتەوە یەکگرتوەکان":

**هاتنە ناوەوەی UNوەك بەشێك لە جێبەجێکردنی ماددەی 140 خەیاڵە. ڕیکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان " UN"**

**یوئێن لە دوو باردا دێتە نێو جیبەجیکردن‌و سەرپەرشتی کردنی کێشە قوڵەکانەوە: یەکەمیان/ لەحاڵەتی ڕێکەوتنی وولاتانی زلهێزی دونیا لەسەر چارەسەری کێشەکە، واتە یەك لایەنە بۆ هیچ کام لە زلهیزەکانی دنیا ئەم کێشەیە چارەسەر نەکرابێت‌و بەناچاری وبەپێی هەلومەرجی سیاسی دنیا پێویست بێت کێشەکە چارەسەر بکرێت، ئەوکات تەوافقی نێوانیان دەبیتە ڕیگا چارەیەکی ناچاری" تەیمور " نمونەیەکە لەم جۆرە چارەسەرانە... دووەم/ کاتێك کە کێشەکە چارەسەر نەکریت وە ئاسۆیەك نەبێت بۆچارەسەرکردنی کێشەکە لە ڕوانگەی وولاتانی زلهێزەوە. لیرەدا ڕۆڵی یوئێن بە جیهانیکردنی کێشەکە هەیە بەلام لەسەر حیسابی نەگبەتی‌و نەهامەتی و چارەسەرنەکردنی کێشەکەو مانەوەی برین‌و زامە قوڵەکانی خەڵك... نمونەی ئەمەیان کێشەی ئیسڕائیل- فەلەستینە.. کە 60 ساڵی ڕەبەقە UN بە پشتیوانی چەندین بڕیاری شورای ئەمنی نێونەتەوەیی‌و کۆمکاری گشتی نەتەوە یەکگرتوەکان نەك هیچی بەهیچ نەکردوەو کێشەکەی بەرەو چارەسەرکردن نەبردوە، بەڵکو ڕۆ بەڕۆژ ئەم کێشەیە فراوانترو گەوەرتر بۆتەوە. کێشەی کەرکوك پێش ئەوەی کە یوئێن بێت یان نەیەت کێشەیەکی ناوچەیی‌و جیهانی بوو. لەباری سیاسیەوە هیچ هێزێکی نیوخۆی عێراق بەجیا لە کوردستان لەگەڵ جیەجێکردنی ئەم ماددەیەدا نیە. ئەمەریکا وە یوئێن خۆیان لەگەڵ جێبەجێکردنی ئەم ماددەیەدا نین. تورکیا وە ئێران وە وولاتانی دنیای عەرەب نەك لەگەڵ ئەم ماددەیە نین بەڵکو دژی جێبەجێکردنی ئەم ماددەیەن. ڕۆڵی یوئێن لێرەدا تەنها هێور کردنەوەی هەلومەرجی سیاسی‌و ئەمنی نیو شاری کەرکوك‌و دەوروبەری دەبێت، کە پیم وانیە بتوانێت.**

بەلام خالێکی دیکە کە پێویستە ئاماژەی پێبکەین ئەوەیە، کە تاکو یەك مانگ لەمەوبەر هەردوو سەرکردەی بزوتنەوەی کوردایەتی لە عێراق... جەختیان لەسەر ئەوەبوو کە مەسەلەی کەرکوك کێشەیەکی نیوخۆی عێراقیەو هیچ لایەك بۆی نیە کە دەخالەتی تیدا بکات... کەچی ئێستا بە شانازییەوە باس لەوەدەکریت کە " هاتنی یوئێن بۆ نیو مەسەلەکە شەرعیەتێکی نێو نەتەوەیی دەداتیّ". ئەم شانازی کردنە نیشانەی بن بەستە نەك هیواو ئومێد. شانازی بەلاّم مانەوەی ئەم کێشەیە بە چارەسەرنەکراوی تا ماوەیەکی نادیار، رۆلی یوئێن تەنها ئەوە دەبێت کە هەمیشە رابەری لایەنە سیاسیەکانی ئەم کێشەیە لە ژێر ناوی کۆبونەوەو ماددەو بڕیاری جۆراوجۆردا کۆبکاتەوە تیشکی کەنالە ئاسمانیەکانیان لەسەر ڕابگرێت. یوئێن، بەلام بێ ئومێدیو چاوەڕوانی، ڕاگرتنی خەڵکی ئەمشارە لە چاوەڕوانیەکی نادیاردا. یۆئێن بەلاّم هیچ زمانەیەکی ئامنی بەدەستەوە نیە بۆ ڕیگرتن لە تەقینەوەی ئەم کێشەیە. بەلام پیدەچێت بزوتنەوەی ناسیونالیزمی کورد زۆر مەمنون بیت کە کێشەی کورد بەگشتی وەك کێشەی فەلەستینی لێبێتو تا دەیان سالّ خەلکی کەرکوكو کوردستان لە چاوەڕوانیدا ڕابگرن!! چ بزوتنەوەو ئەحزابێك ئەو هیوایەی هەیە، ئەگەر ژیانو مانەوەو دەسەلا تی نەبەسترابێتەوە بە بێئرادەیی خەلکی کوردستانو هەژاریو بێمافی ئەوانەوە. ئەگەر لەسەر سەرەوەت سامانی ئەم کۆمەلگایەوو رۆڵەکانی فەرهود نەکاتو وەك بازارێکی مۆنۆپۆلکراویش بەجیا لە سیاسەت بەرێوەی نەبات. هاتنی یوئێن و شەرعیەتی نیو نەتەوەیی لەسەر حیسابی ویژدانو ئاوارەییو نەبونی وچاوەروانیو نەبونی کارەباو ئاوو شەقامیکی قیرتاو کراو قوڵکردنەوەی رقو کینەی نەتەوەپەرستی... دەچێتە پێشەوەو پیویستە خەلکی کوردستان بەهیچ شێوەیەك قبولی نەکەن.

## 6ی مانگی دیکە :

لە ژمارەی پێشووی ئۆکتۆبەردا من بە ڕۆشنی باسی ڕیگا چارەی خۆم کردوە بۆ کێشەی کەرکوك هەروەها بەڕۆشنی باسی ئەوەم کردوە کە ئەم ماددەیە وێرای ئەوەی چارەسەری ئەم کێشەیە ناکات لە هەمانکاتدا جیبەجێناکرێت. جیبەجێناکرێت، چونکە چارەسەرێکی نەتەوەییە بۆ ئەم کێشەیە، چارەسەرێکە یەك لایەنەیە بە قازانجی ناسیونالیزمی کورد لە نیو لایەنەکانی دیکەی کێشەکەدا. چارەسەری کێشەکە ناکات چونکە مافی دەیان هەزار خیزانو ئینسانی دیکە هەلدەلوشێت لەسەر پایەی نەتەوەپەرستی. جێبەجێناکرێت، چونکە ئیسلامی سیاسی شیعیو مالکی هاوپەیمانیان ناتوانن جێبەجیکردنی ئەم ماددەیە لە چوارچێوەی بەرنامەی سیاسی خۆیاندا بگونجێننو ئەمە بە ئاشکرا ڕادەگەیەننو دەڵین جاری کاتی جێبەجێکردنی نیە. جێبەجیناکرێت، چونکە ئیسلامی سیاسی سوننیو تاریق ئەلهاشمی هاوپەیمانی بارزانیو تالەبانی ناتوانێت ئەم ماددەیە جیبەجێبکات نە بەرنامەکەی ڕیگای پێدەدات نە هەلومەرجی سیاسی، بەتایبەت لە ئێستادا کە ئیسلامی سیاسی سوننی لە هاوپەیمانیەکی ناموقەدەسدایە لەگەلّ ناسیونالیزمی عەربدا. جێبەجیناکریت چونکە ئەمەریکاو تورکیاو وولاتانی عەرەبی هەمو دژین یان لایەنی کەم ئەمەریکا لە گەلّ جیبەجێکردنی ئەو ماددەیەدا نیە، ئەویش لەسەری زوعف لاوازی فەشەلی خۆیەوە لەلایەكو لە لایەکی دیکەوە لەسەری نارازای بوونی وولاتانی عەرەبیو تورکیاوە بەم ماددەیە... مالکی نەك ماددەی 140 بەلکو بەرۆشنی لە چاوپیکەوتنی لەگەلّ حەیاتی لەندەنیدا دەلّی" ئێستا کاتی جێبەجیکردنی فیدرالێەت نیە لە عێراقدا". ڕۆلی یوئێن رۆشنە کەبۆ ڕاگرتنی هەلومەرجی مەوجودە واتە ئیدارەکردنی کێشەکە نەك چارەسەرکردنی.

بۆیە جەختکردنەوەی بارزانی لەسەر 6 مانگ بۆ جێبەجیکردنی ئەم ماددەیە .. لەگەلّ واقعیەتی سیاسی ئەمرۆی عێراقدا نایەتەوە. ناسیونالیزمی کوردو سەرکردایەتی ئەم بزوتنەوەیە لە وەهمێکی مێژوویی خۆی دا دەژیت. بارزانی ئەم ماددەیەی بۆ جیبەجیناکرێت نەك لەماوەی 6 مانگی داهاتوودا.. بەڵکو هەر جێبەجێناکرێت.بەلاّم سەڕەرای ئەم واقعیەتانە کە بۆ بارزانیو تالّەبانی ڕۆشنە، ئەوان جەختی خۆیان دوپات دەکەنەوە لەسەر جیبەجێکردنی ئەم ماددەیە. ئەم جەختکردنە جگە لە هەر خراندنی هەستی نەتەوەیی لەلایەكو لەلایەکی دیکەوە شاردنەوەی بن بەستی سیاسی خۆیان کە چەند سالّە بە شانو بالّی پرۆسەی سیاسیدا هەڵدەدەن و بەم پێیە خەوف لە ناڕەزایەتی خەلکی کوردستان شتێکی دیکە نیە.

## جارێکی دیکە چارە چیە"!

چارەسەری کەرکوك لە ئاسۆوی سیاسی جیابونەوەی کوردستانو پێکهینانی دەوڵەتیکی سەربەخۆوە لە کوردستان ئیمکانی هەیە لە هەلومەرجی ئێستادا. بەبێ جیابونەوەی کوردستان شەڕ لە سەر کەرکوكو نانەوەی کێشەی گەورە جگە لە فراوانکردنەوەی پانتایی دەسەلاتی ناسیونالیزمی کورد هیچی دیکە ناگەیەنێت. بەلام ئێستا تا ئەوکاتەی کوردستان جیادەبێتەوە، پێویستە کەرکوك شاریکی سەربەخۆ بیت، شارێك کە ئیدارەیەکی سەربەخۆی هەبێت. سەر بەخۆ بێت لە "حکومەتی هەرێم"و لە حکومەتی تائیفیو میلیشایی بەغدا. شاری هەمووان بیت شاریك بیتّ کە پرنسبی

مافی هاوولاتی بونی یەکسانی تێدا جێبەجێبکرێت. شارێك بێت نەعرات و هوتافات و دروشمی نەتەوەپەرستی تیدا قەدەغە بکرێت، شارێك بیت بە خیرایی کێشەی ئاوارەکانی تیدا چارەسەر بکرێت..... لەمبارەوە لە ژمارەی پێشودا بەرۆشنی نەخشەیەك خراوەتە ڕوو.

خەلکی کوردستان پیویستی بەوەهەیە لە چوارچیوەی ئەم ماددەیەدا بیر نەکاتەوە ئەم ماددەیە تەواو بوو بە بن بەست گەیشت. ناسیونالیزمی کورد چارەسەری پێنیە بۆ کێشەی کەرکوك... خەڵکی کوردستان پیویستیان بەوە هەیە کە جیابونەوەی کوردستان و پیکهینانی دەوڵەتیکی سەربەخۆ بکەنە پەرچەمی خەباتی خۆیان، خۆیان دور ڕابگرن لە شەری قەومی و نەبنە سوتەمەنی شەڕیك کە هیچ بەرژەوەندییەکی تیدانیە بۆیان، بەڵکو خەباتی خۆیان لە چوارچێوەی فکرو سیاسەتێکی دیکەدا ڕیکخراو و یەکگرتوو بکەن. کۆمۆنیزمی کرێکاری ئەو مەیدان و چوارچێوە فکرو سیاسییەیە کە وەلامێکی گونجاو ئینسانی خستۆتە ڕوو هەم بۆ گشت کۆسپەکانی خەلکی کوردستان وە هەم بۆ کێشەی کەرکوك. 2008/1/5